ckb

# خزمەتگوزاریەکان بۆ بەکارهێنەرانی کتێبخانە

هەموو کەسێک بۆی هەیەکتێبخانەبەکاربهێنێت بێ بەرانبەر.

کتێبخانەی شاری ئۆولو لەناو کتێبخانەی سەرەکی و کتێبخانەجۆراوجۆرەکانی دەوروبەردا کارەکانی ئەنجام دەدات.
کتێبخانەی گەڕۆکیش سەردانی ئەو ناوچانەدەکات کەکتێبخانەی لێ نی یە.
تۆ بۆت هەیەگۆڤار و کتێبەکان بخوێنیتەوەیان بخوازیت بۆ بردنەوەبۆماڵەوە.
هەروەها بۆت هەیەکۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەکاربهێنیت.

کتێبخانەکەخزمەتگوزاری یەکانی پێشکەش دەکات بەمنداڵان و گەنجان و پێگەیشتوو.

کتێبخانەکان هەموو جۆرەبابەتێکی لەخۆ گرتووە:

- بابەتەکانی زانستی گشتی
- کتێبەکانی شیعر و ڕۆمان و کتێبەوێنەدارەکان
- فلیمی کارتۆن
- ڕۆژنامەو گۆڤارەکان
- سی دی مۆزیک
- نۆتەکانی مۆزیک
- فیلمی دی ڤی دی
- کۆرسەکانی زمان
- سی دی سۆفتوێر
- کتێبەدەنگی یەکان

کتێبخانەکان بابەتیان تێدایەبەزمانەکانی فینلەندی و سویدی و ئینگلیزی و زۆرێک لەزمانەکانی تر. دەکرێت کتێبخانەکتێبی بەزمانی تۆیش تێدابێت.

## چۆنێتی بەکارهێنانی کتێبخانە

تۆ دەتوانیت لەکتێبخانەکەدا بخوێنیتەوە، بەدوای زانیاریدا بگەڕێیت، یاخود کۆمپیوتەر بەکاربهێنیت.
هەروەها دەتوانیت لەبەشی مۆزیک گوێ لەمۆزیک بگریت.

کتێبخانەکەجێگەیەکی ئارامەبۆ خوێندنەوەو توێژینەوە. بەکارهێنەرانی تری کتێبخانەبێزار مەکە.

داوای یارمەتی بکەلەکارمەندانی کتێبخانە. ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن لەبەکارهێنانی کتێبخانەکەدا. هەروەها دەتوانن یارمەتیت بدەن لەدۆزینەوەی بابەت و زانیاری یەکاندا.

## خواستن

دەتوانیت کتێب و بابەتەکانی تر لەکتێبخانەبخوازیت.

بۆ خواستنی بابەتەکان لەکتێبخانەپێویستت دەبێت بەکارتی کتێبخانە. هەموو کەسێکی دانیشتووی فینلەندەدەتوانێت کارتی کتێبخانەبەدەست بهێنێت. دەتوانیت کارتی کتێبخانەوەربگریت لەکارمەندانی کتێبخانەکاتێک پاسپۆرت یان ناسنامەکەت دەخەیتەڕوو.

ئەگەر تەمەنت لەژێر 18 ساڵ بێت، ئەوا پێویستت بەڕەزامەندی دایک و باوک یان چاودێر دەبێت.

ناتوانیت بێ کارتی کتێبخانەبابەتەکان بخوازیت. بیرت نەچێت کارتەکەلەگەڵ خۆت بهێنیت کاتێک سەردانی کتێبخانەدەکەیت.

دەتوانیت بابەتەکان لەکارمەندی کتێبخانەیان لەڕێگای بەکارهێنانی ئامێری خواستنەوەبخوازیت.

wکارتی کتێبخانەتایبەت بەتۆیە. خەڵکانی تر بۆیان نی یەکارتی خواستنی کتێبخانەی تۆ بەکاربهێنن. تۆ بەرپرسیاریت لەپاراستنی ئەو بابەتانەی بەکارتەکەی تۆ دەخوازرێت. ئەگەر کارتەکەت بزر بوو یان ئادرەست گۆڕا، بیرت نەچێت کتێبخانەئاگاداربکەیتەوە.

## ماوەی خواستن

ماوەی ئاسایی بۆ خواستنی کتێب چوار هەفتەیە. لەوانەیەماوەی خواستنی مۆزیک و فیلمەکانی دی ڤی دی و سی دی سۆفتوێر کەمتربێت.

پسووڵەیەکت دەدرێتێ بۆ ئەو بابەتانەی کەدەیانخوازیت. پسووڵەکەئەو بابەتانەی تێدایەکەخواستووتەو ئەو بەروارەی کەپێویستەبابەتەکانی تێدابگەڕێنیتەوە. ئەگەر بابەتەکانت لە ماوەیەکی درەنگتر لەو وادەیەی کەلەپسووڵەکەدا هاتووەگەڕاندەوە، ئەوا دەبێت غەرامەیەک بدەیت بەکتێبخانە.

دەتوانیت بابەتەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر بخوازیت ئەگەر تەلەفۆن بکەیت بۆ کتێبخانەیان وادەی خواستنەکەلەڕێ ی ئینتەرنێتەوەنوێ بکەیتەوە.
ئەگەر بتەوێت وادەی خواستنەکەلەڕێ ی ئینتەرنێتەوەنوێ بکەیتەوە، ئەوا پێویستت بەپاسۆرد دەبێت. دەتوانیت لەکتێبخانەپاسۆرد وەربگریت.
ئەگەر بابەتەکان لەلایەن کەسێکی ترەوەحیجزکرابوو بۆ خواستن، ئەوا ناتوانیت وادەی خواستنەکەت نوێ بکەیتەوە.

## گەڕاندنەوەی بابەتەکان

دەتوانیت بابەتەکان بگێڕیتەوەبۆ هەر کتێبخانەیەکی شاری ئۆوڵوو. بۆ گەڕاندنەوەی بابەتەکان پێویستت بەکارتی کتێبخانەنابێت.

## حیجزکردنی بابەتەکان بۆ خواستن

ئەگەر کتێب یان هەر بابەتێکی تر لەلایەن کەسێکی ترەوەخوازرابوو. ئەوا دەتوانیت یان لەناو کتێبخانەیان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوەحیجزی بکەیت بۆ خواستن. هەر کاتێک بابەتەکەبەردەست بوو، ئەوا کتێبخانەئاگادارنامەیەکت بۆ دەنێرێت. پارەیەک دەسەنرێت لەبری حیجزکردنی بابەتەکان.

## ڕووداوەکانی کتێبخانە

کتێبخانەپێشانگا و ڕووداوەکان بۆ خوێنەرانی دەستەبەر دەکات.
بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەڕووداوەکان، تکایەپرسیاربکەلەکتێبخانەیان سەردانی ماڵپەڕی www.ouka.fi/kirjasto بکە.

Vipuvoimaa EU:lta 2007–2013
Euroopan unioni
Euroopan sosiaalirahasto
HOMELIKE OULU
OULU OMAKSI
OULUN KAUPUNGIN KIRJASTO maakuntakirjasto
Elinkeino-, liikenne- ja ympäristökeskus
OULU